# فەلسەفەو ..
# رەگەکانی سۆسیۆلۆژیا

پیتەر هاملتۆن
و. جەمال پیرە

## رۆشنگەریی

ئەم لێکۆڵینەوە کورتو بەڵگەییە لەسەر دوو ئامانجی سەرەکی دەوەستێ:

یەکەمیان: فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی بوون ئەوانەی هەنگاوی سەرەتاییان نا بەرەو سۆسیۆلۆژیا بەگشتیو سۆسیۆلۆژیای نوێ بەتایبەتی.

دووهەمیان: ئەوان لەگەڵ خستنەڕووی سۆسیۆلۆژیای سەرەتاییدا تیۆرێکیان دەربارەی ئایدیۆلۆژیا خستەڕوو وەك دەرەنجامێکی مەیلی ئەقڵانیەتی رەخنەیی کە دواتر سەرلەبەری (پرۆگرامی) ئەوانی لێوە پێکهات، (هەروەك پیتەر جای (Peter Gay)[1] پێیوابوو لەسەر ئەم بنچینەیەدا تیۆرێك بوو دەکرێ تا ئاستێکی دوور وەك بناغەیەك بۆ سۆسیۆلۆژیی مەعریفە دابنرێت، هەروەها وەك بەشێکی تەواوی تیۆریی کۆمەڵایەتی خۆرئاوایی.

## پرۆگرامی نوێ.. و زانستی نوێ

بایەخی رۆشنگەریی (Enlightment) وەك بزاوتێکی کۆمەڵایەتی یاخود سەردمێك بۆ پێشڤەچوونی هزری بێباوەڕیی (الحاد) ناکرێ وابەئاسانی زێدەڕۆیی تیادا بکرێ، نەخاسمە لەو کاریگەرییانەی بەسەر لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای مەعریفەو ئەو بابەتانەی فەیلەسوفانی رۆشنگەریی خستبوویانەڕوو، کاتێ کە ئاراستەی روانینیان بۆ کۆمەڵ رووەو شیکردنەوەی زانستیانە بوونەوە، سۆسیۆلۆژیا هزرو بەهای جیاکەرەوەی تایبەتمەندانە بوو بەزاراوە نوێکان، ئەوان زۆرتر بایەخیان بەپێکهاتە کەلتورییەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی دەدا وەك لەوەی بایەخ بەبونیادە کۆمەڵایەتییەکان بدەن، ئەم شێوە گرنگیو بایەخپێدانەی ئەوان لەهەوڵەکانیان لەهەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەی ئاکارییو سیاسەتە بۆ هەواداری عەلمانییەت، نامیتافیزیکیو ئەقڵیەتێکی سەرقافڵەدا دروستبوو، بێگومان ئەوەی دەرەنجامی ئەم هەوڵانە بەرهەمدەهات هەمیشە بابەتی نەدەبوون، گیانی بەرزی ئەقڵانیگەرایی رەخنەیی (Critical rationalism) کە زاناکان لەوێوە دەستیانپێکرد پلەیەك لەپابەندی بەهای دیاریکراوی لەخۆوەگرتبوو، ئەم بەهایانە دەکرێ کورتیبکەینەوەو وەسفیبکەین بەوەی کە مرۆڤ لەگەردووندا راستییەکی سێنترالیە.

فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی کۆمەڵزانو زانای ئەنترۆپۆلۆژیای بایەخپێدەربوون، لەروانینی خۆیاندا بۆ جیهان ئاراستەی بایەخی ئەوان بەرەو یەکگرتنەوەی ئەقڵو زانست چوو، کە دواتر روانینێك بوون، بوو بەمیتۆدێك بناغەی دەرکەوتنی زانستێکی بۆ کۆمەڵ دانا، پیاوی رۆشنگەری بەپێشکەوتنو گۆڕانو عەلمانیەتو مرۆڤایەتیو مەیلی کۆسمۆپۆلیتیانە پابەندبوو، بەڵام لەسۆنگەی باوەڕو بەها تایبەتییەکانیەوە بەر لەهەمووشتێك بەئازادیو مافەکانی تاك[٢] پابەندبوو، ئەم (گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی رێنماکان) کە (لەزانستی ئازادیدا)[٣] گوزارشتی لەخۆی دەکرد گوایە کە زانستێکی کردارییانەیە مرۆڤی وەك سێنترالێکی خۆی حساب دەکرد، هاوکات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەودا تێدەکۆشا نەك لەپێناو گەورەیی هیچ هێزێکی

غـەیبی. ئەمــە بـەم ئاڕاسـتەیە سەرچـاوەی راسـتەقینەی سۆسـیۆلۆژیا، یاخود زانستە (مۆرالیەکانە) کـە پێـشتریش بـەم نـاوە بـانگ دەکـرا، ئـەم زاراوەیــە بەقــەد خــۆی بایــەخێکی هەیــە کــە دەلیلێکــی یەکلاکــەرەوەی تێکشکانی فەلسەفەی مۆرالیە (کە جـاران لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا وەك لقێـك لـە لاهـووت کـاری دەکـرد) دەشـێ لێـرەوە لـەنێو چوارچـێوەیەکی نائاینیـدا لەبایەخـە کۆنـەکانی فەلـسەفەی مـۆرالی بەئـەخلاقیاتی ئـەمیرە دنیاییەکانو ئەرکە مرۆییـەکان لەبەرامبـەر هاوەڵەکانیانـدا لەمرۆڤایـەتیو پەیوەندییان بەفەرمانڕەواکانیانـەوە بڕوانین، لەشـوێنێکدا کـە زەحمـەت بـوو هـاتنی زانـستێك بـۆ مـرۆڤ بەئـەقڵانی دانرابووایـە لەدیـدی چۆنیەتی بـوونی کردارییانـەی شـتەکانی زیـاتر لەچۆنیەتی ئەوشـتەی کـە دەکـرێ هەبێ، زانستی نوێ بـەرەو بەدەسـتهێنانی حەقیقـەتێکی غـەیبی (یـاخود ئیلهامبــەخش) یــا مەعریفەیــەکی پێــشینەیی Aprior نەچــوو، بــەڵکو ئاڕاستەکەی بەرەوبەدەستهێنانی بەڵگەی پرۆسـیەکانی مـرۆڤو بارودۆخـە کۆمەڵایەتیەکـەی لـەنێوان هارمۆنیـاو هەمەڕەنگیـدا چـوو، لەدەرئـەنجامی ئەمـــەدا بـــەراوردکردنی کـــەلتورە جۆراوجۆرەکـــان بـــوون بەسیـــستمی قــەبوڵکراوی ئــەزموونی کۆمەڵایــەتیو برینەکــە ســارێژکراو پێداویــستی گــەورەتری بونیــادی کــەلتوریی لەتــەیاری ســەرەکی هــزری کۆمەڵایــەتی خۆرئـاوادا دامـەزراو تـا مەودایـەکی دوور رێبـەریی گەشـەو پێـشکەوتنی زانستی نوێی مرۆڤی دەکرد.

**مرۆڤی نوێ.. کۆمەڵی نوێ**

زانــستی نــوێ لەســایەی بەرنامــەی فەیلەســوفەکانی رۆشــنگەریدا گەشەیان کرد، ئەو فەیلەسوفانەی کە هەوڵیانـدا هـزرو بۆچـونەکانیان بـۆ کـردەوە بگـۆڕن، هـەروەها لـەپێناو یەکگرتنـەوەی تیـۆرو پراکتیزەکـردن زانـــستو تەکنـــەلۆژیا تێدەکۆشـــان بۆهێنانـــەئارای گـــۆڕان لـــەبونیاتی کۆمەڵایـەتی جیهانەکەیانـدا، ئـەم زانـستانە لای زۆربـەیان بەئاڕاسـتەی مرۆڤــی نــوێ، دەوڵــەتی نــوێو کۆمــەڵی نــوێ بەدەرکــەوتن، بــەم مانــا تۆباویشە سەرەتاکانی شۆڕشـی فەرەنـسی لـەخۆوەگرت، لەگـەڵ ئـەوەی بەرنامەو پرۆگرامی ئەو شۆڕشەی پلانی بۆدارێژرابوو دیارنـەکرابوو، بـەڵام بەرپەرچـــدانەوە کۆنزەرڤاتیڤەکـــەی ئەقڵانیـــەتی رەخنـــەیی.

پۆزەتیڤیزمPositivism لەشۆڕشی فەرەنسادا شوێنپێ و هەڵوێستێکی پراکسیسیانەی بۆ هزری رۆشنگەری بەخۆوەبینی و وای لە ڤۆلتێرو رۆسۆو دیدرۆ و ئەوانیتر کرد کە ببن بەدانەری (سەردەمی تۆقاندن) و گوێیان نەدایە بەر پەرچە کۆنزەرڤاتیڤەکە، کۆندێرسیە وەك کەسایەتیەکی نموونەیی فەیلەسوفانی رۆشنگەریی وەك بەدبەختێك بوو بەقوربانی (سەردەمی تۆقاندن) لەراستیدا پەیوەندی نێوان فەیلەسوفانی رۆشنگەریی و شوێنکەوتووانی Jacobins لەگەڵ ئەوەی بەکردار بوونی هەبوو، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ بوو بەڵام کە رۆشنگەریی پەنای بردەبەر ئەقڵ و وشەی نوسراوی ئامانجە ویستراوەکان، شوێنکەوتووان شۆڕشیان بەکارهێنا، هەروەك مارکیۆزە بەوردی بۆمان روونەدەکاتەوە[٤] کە پەیوەندی لەنێوان هەردووکیاندا هەبوو، بەڵام فەیلەسوفانی رۆشنگەریی ئەوکاتە زۆرتر بایەخیان بەکاریگەریی کۆمەڵایەتی بۆچون و هزرەکان و بەشوێنەواری بەرهەمهاتووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی هزرو بەهاو مەعریفە بەگشتی دەدا، هەروەها ئەوان بایەخیان دەدا بەهزری ئایدیۆلۆژیاو مەعریفەی ئالۆز کە لەگەڵ بونیاتی کۆمەڵایەتی ئەوکاتدا یەکیدەگرتەوە، بەهەمان شێوە لەگەڵ بەهەڵە بەکارهێنانی هێزی کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی مافەکانی مرۆڤدا.

فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی بەدیاریکردنی رۆڵی سەرەکی خۆیان لەفراوانکردنی چوارچێوەی هزرە کۆنەکان و مۆرالی داپۆشراو بەپۆشاکی پیرۆزیی کلێسا بەگشتی و کاهینگەرایی بەتایبەتی، ماناو چەمکێکیان دا بەئایدیۆلۆژیاو پێیان لەسەر ئەوەداگرت کە نامۆبوونی مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا وەك دەرەنجامێکی ملکەچبوونی مرۆڤە بۆ هێزە غەیبییەکان.

بۆیە تیۆرە ئایدۆلۆژیی و هەنگاوە سەرەتاکانی مرۆڤ بەئاڕاستەی سۆسیۆلۆژیا لەمەعریفەدا بەر لەهەمووشتێك رەخنە بوون لە ئایینی مەسیحی و فۆرماتیڤە کۆمەڵایەتیەکەی، هەروەها دەکرێ ئێمە لەکارەکانی هەندێ لەفەیلەسوفانی رۆشنگەرییدا روانینێکی گشتی بۆ ئایدیۆلۆژیا بەدەستبهێنین، تەنانەت بەرەو ئاڕاستەی روانینی دیالەکتیکیانە بۆ کۆمەڵ. بۆئەمەش دەشێ دوو لەو نوسەرانە هەڵبژێرین کە ئەوسا بایەخیان بەگەشەی چەمك و تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان بونیاتی کۆمەڵایەتی و هزرو بۆچونەکان داوەو کارەکانیان تاڕادەیەکی زۆر

کاریگەریی هەبوو بەسەر ئەو نوسەرانەی لەدوای ئەواندا هاتنە ئەم مەیدانە، بەهەمان شێوە ئەم دوو نووسەرە، ڤیگۆ Vico و مۆنتیسکیۆ Montesquiu وەك دوو نوسەری گرنگ لەماوەی دیاریکراوی خۆیاندا بوون بەخاوەنی تێگەیشتنی خۆیان لەرێگەی ئەو نموونەیەی خستیانەڕو، ئاڕاستەیەکی گشتییان دا بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێکی چاك لەمەسەلەو بابەتەکان، بەمەش زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڤیگۆ و مۆنتسکیۆ مەعریفەیەکی میتۆدیانەی کراوەیان دا بە سۆسیۆلۆژیا وەك لقێك لەزانستی سۆسیۆلۆژیا، بەڵام لەگەڵ ئەوان لەتێڕوانین و پێرسپێکتیڤی تایبەتی و دیاریکراوی خۆیاندا کۆمەڵیان دەخوێندەوە، هەروەك ئەو پرسیارو وەڵامانەی خستیانەڕوو گفتوگۆو دەمووددووی لەسەر پەیوەندی نێوان مەعریفەو کۆمەڵ بەئاڕاستەیەکی دیاریکراو بەدوادا هات.

بەم شێوەیە ئەوەی کە من سەبارەت بە هەریەکە لە فیگۆ و مۆنتسکیۆ دەیڵێم ئەوەیە کە ئەوان بەرێگایەکی دیاریکراو پرسیاریان دەربارەی رۆشنبیریی و کۆمەڵ و بونیاتی سیاسی و مێژوو دەخستەڕوو، ئەوان کاریگەریی خۆیان هەبوو لەدیاریکردنی بابەتی ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانستی سۆسیۆلۆژیای سەرەتایی پێیهەڵسا. لەهەریەکێ لەخودی سەردەمی رۆشنگەریی و یان سەردەمی مەیلی رۆمانسیانەی کۆنزەرڤاتیف (کە بەدوای شکستەکەی ناپلیۆن لە واتەرلۆدا هات) تیایدا زانستی سۆسیۆلۆژی (پۆزەتیڤیزمی) وەك ئەقڵانیەتی (نێگەتیڤی) و زانستی کۆمەڵایەتیەکەی[5] گەشەیکرد. لێرەدا پێویستە لەسەر خوێنەر ئەوەی لەخەیاڵدابێ کە من لێرەدا لەو بەشانەی دواییدا کە پەیوەستن بە ڤیگۆ و مۆنتسکیۆ، بەتەنها پەیوەندییە گشتییەکانی نێو بایەخە فەلسەفییەکان ڕووندەکەمەوە کە دەکرێ وەك سەرەتایەکی نوێی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دابنرێت، ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییانە بەتەواوی، ڕەنگە بەشێوەیەکی ئاسایی بەتەنها لەدووتوێی کتێبێکدا بکرێ.

### فیگۆ ( شەریکی شاراوەی ) رۆشنگەریی

جیامباتێستا ڤیگۆ Giambattista (١٦٦٨ – ١٧٤٤) ئەوەی سەلماند کە دەکرێ بەشەریکی شاراوەی رۆشنگەریی دابنرێت (یان ئەو شەریکەی کە پەیوەندی بەجەماوەرو هەوادارانی مەعریفە نەبوو) ئەم هزرمەندە لەسەردەمی خۆیدا لەچوارچێوەی مەملەکەتی خۆی نەبێ

لەناپۆلی كەسی تر لەدەرەوەیدا ئاشنایی لەگەڵ كارەكانی ئەودا نەبوو، وێڕای ئەوەی هەزرو بۆچوونەكانی لەگەڵ فەیلەسوفانی رۆشنگەریدا هاوتابوون بەڵام كاریگەریی كەمی هەبوو بەسەر ئەم فەیلەسوفانەدا، مۆنتسكیۆ وەك بەڵگەیەك بەسەر كتێبەكەیدا (زانستی نوێ Scienza Nuova) دا چووەتەوە بەڵام چەمكەكانی پەیوەستداربوون بەمێژوو و كۆمەڵ كە دواتر بەنوێگەر ناوبرانو تاوەكو بیستەكانی سەدەی رابردوو لەئەوروپا بەشاراوەیی مابوونەوە، ئەوكاتەی كە مێژوونووسە رۆمانسیە فەرەنسییەكان بونیاتیان نا و تەفسیرێكی كۆنزەرڤاتیڤیان پێبەخشی، ئامانجی ڤیگۆ لە (زانستی نوێدا)[٦] خستنەڕووی مەنهەج و رێڕەوێكی نوێبوو بۆ لێكۆڵینەوەی كۆمەڵی مرۆڤایەتی، لەم كتێبەدا ئەوەی روونكردەوە كە مێژووی سروشتی راستەوخۆ ئامانجی كۆنترۆڵكردنی مرۆڤ نییە، مێژووی مرۆیی لەراستیدا دەستكردی مرۆڤ خۆیەتی.

لێرەدا — بەم ئاڕاستەیە — پێویست بە ئەگەری جیاكاری ئەپستمۆلۆژی گشتی دەكات كە ڤیگۆ وەك بنەمایەك بۆ سیستەمە مێژوویی و سۆسیۆلۆژییەكەی بەكاریدەهێنا، دەكرێ بابەتە سروشتییەكان بەقەد توانای لێكۆڵینەوەی ئێمە لەرووكارە دەرەكیەكانیەوە بزانرێ، لەكاتێكدا دەشێ لەناوەوەو دەرەوەدا بەقەد خۆی لەفاكتە مرۆییەكان بكۆڵرێتەوە، بەمەش دەتوانرێت لەپێكهاتەكەیدا شارەزایی بەدەستبێت. ڤیگۆ لەمەدا ئەوە بەدەستدێنێ كە سەرجەم كۆمەڵە مرۆییەكانی رابردوو و ئێستا لەناو خوێندنەوەو لێكۆڵینەوەكانی ئێمەدان، ئەو سیستەمەكەی بەشیكردنەوەی ناوەكی فاكتەرە مرۆییەكان دەچوێنێ، لەزۆربەی لاوە لەگەڵ سیستەمی تێگەیشتنی (Verstehen)دا لەیەك دەچوون، كە لەلایەن ڤێلهالم دیلتی (Wilhelm Dilthy) خرابووەڕوو (رەنگە ئەو لەمەدا ناڕاستەوخۆیانە لەژێر كاریگەریی ڤیگۆدابێ)، بێگومان ئەم سیستەمە پلەیەك لەمەیلی رێژەیی (relativism)و مەیلی مێژوویی (historicism)ی لەخۆگرتبوو.[٧]

ئەوەی ڤیگۆ لەمبارەیەوە پێشنیاریكردبوو ئەوەبوو كە — بۆنموونە— ناكرێ بۆ لێكۆڵینەوە لەمێژووی رۆمانی بەتەنها تۆماری كاتی رووداوەكان بەس بێ و لەوێوە دەربارەی كۆمەڵی رۆمانی بگەینەئەنجام، بەڵكو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوونووسەكە خۆی كە لەسەر سیستەمەكەی ڤیگۆ كاردەكات.

پشکنین‌و ئامادەکاریی گیانی کەلتوریی سەردەم کە ڤیگۆ ناوی‌دەنێ (جیهانی بەشارستانیبوو) لەسنووری کردەوەکان‌و چەمك‌و بۆچوون‌و باوەڕە ئایینی‌و ئەفسانەکان‌و یاساکانی ڕەوشت‌و ترادسیۆنەکاندا دەبینران، ئەوانیش لەپێکهاتەکەدا بەرهەمێکی ئەقڵی مرۆییان پێکدەهێنا، لەبەرئەوەی بەم ئاڕاستەیە بەرهەم بوون دەکرێ باشتر لەتێگەیشتنە ئەبستراکتەکان تێبگەین کە دواتر ناچارمان دەکات بۆ تێگەیشتنی سروشتی فیزیکی بەکاری‌بهێنین.

ئەمەش هەرگیز پرۆسەیەکی سادە نییە چونکە ئێمە بۆمان ناکرێ پێمان وابێ سروشتی مرۆیی سروشتێکی جێگیرە، یاخود پێمان وابێ عورف‌و داب‌ونەریت‌و ئەو ئەفسانانەی کە ئێمە دەیانخوێنین چەند کەیانێکی نەمرن! ڤیگۆ دیدێکی مێژوویانەی‌دا بەلێکۆڵینەوەی سروشتی مرۆیی‌و (کەلتور)و (کۆمەڵ)، ئەم دیدە مێژووییە وەك خۆی جەختی لەسەر گۆڕان‌و پێشکەوتنە شاراوەکانی تاك‌و کۆمەڵەکان کردەوە، هەروەها پەیوەندییەکی دیالەکتیکیانەی لەنێوانیاندا بەدەرخست.

لەگەڵ ئەوەی ڤیگۆ دژ بە دیکتاتۆریزم بوو بەقەد ئەوەی کە زانستە مرۆییەکان بایەخیان بەم هزرە دەدا، ئەو باوەڕی بەئەگەری خستنەڕووی مێژوویێکی تەواو و گشتی هەبوو، لەمبارەیەوە گوتی کە (زانستە نوێکەی) دەتوانێ ئەم مێژووە تەواوە بخاتەڕوو، هەروەها دەنوسێ‌و دەڵێ: (پێداویستی مرۆیی هاوبەش هەن ترادسیۆنی هەمووەکی بەرهەمدێنن)، لەمەشدا دەکرێ پرەنسیپێکی هەموەکی لێوەبەرهەمبێنین، هەرچەندە بەردەوام هێزێك ناچاری خۆبەدەستەوەدانی چاودێریی خواییمان دەکات.[8]

ڤیگۆ بەپلەی یەك هزرەکەی لەسەر مێژووی گشتی بوو بۆ جیاکاریی ئەپستمۆلۆژی نێوان زانستی مرۆیی‌و زانستی سروشتی کە دواتر مەعریفەیەکی تەواوکاری هەموو مێژووی مرۆیی بوو لەهەمانکاتدا تیۆرێکی شیاویش بوو، ئەو لەرێگەی فەلسەفەی خولەکی (Cyclical) مێژووەوە پاڵپشتی ئەم هزرەی دەکرد کە پاشان تیایدا سروشتی مرۆڤایەتی وەك بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمدێت – بەدەرکەوتنەکانی لەماوەی مێژوویی کەلتوری مرۆڤ – لەراستیدا تیۆری خولەکی مێژوو وەك خولی پێشکەوتن‌و گەڕانەوە (corsi ericorsi) تیۆرو بینینێك بوو بۆ پرۆسەی لێکدانەوەو گفتوگۆی گەشەی سروشتی مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵی مرۆیی،

مەعریفـە خودییـەكانی مـرۆڤو كۆمـەڵ بەتێپـەڕبوونی كـاتو لەسـیاقی گواستنەوە لەبەربەریەتەوە بۆ شارستانیەت، وەك یـەك پێشكەوتن. لـەم نێوانەشـدا بەبـەردەوام گرفـتو دەربڕینـە زۆر ئـاڵۆزە كەلتورییـەكانیان گەشـەپێدەدا. تـا وایلێهـات كۆمەڵـەكان لـەرووی كۆمەڵایەتییـەوە پێشكەوتنی زۆرتریان بەخۆوەبینی وەك ئەوەی كە سروشتی مرۆڤایەتیش بەهەمان شێوە پێشكەوتنی بـەخۆوەبینی، بێگومـان لەرێگـەی هەریەكـە لەگەشەو گۆڕانەكانی زمانو ئەفسانەو فۆلكلۆرو ئابوویو هتـد.. بـەكورتی گـۆڕانی كۆمەڵایـەتی هۆیەكـە بـۆ هاتنەكایـەی گـۆڕانی كـەلتوریی. ڤیـگۆ یەكەم كەسێ بوو ئـەم هـزرە ئەندامییـە (نوێیـە)ی كـەلتوریی بـەكارهێنا، بەوپێیـەی كـە لـەڕووی كۆمەڵایەتییـەوە سیـستمێكە لـەو رەگـەزە بەرهـەمهاتووە و — بونیـاتنراوە— هـەموو رەگـەزەكانی (جیهـانی بەشارستانی بوو) كە تیۆرەكەی ڤیگۆ بۆ رێكخستنی كۆمەڵایـەتی قـسەی لەسـەر كـردووە، لەنێوانیانـدا پەیوەندییـەكی ئاڵوگۆڕییانـە بەدیـدەكرێت، هـەروەها ئـەم شـێوە چـەمكە ئەندامییـە (بـۆ دیـدە جیهانییـە) سۆسیالیستیەكان، ئەوەمان بۆدەخاتەڕوو كە مەعریفـەو هـزرو بـەهاكانو رەگـەزە كەلتورییـەكانی هـەر كۆمـەڵێكی مێـژوویی بەتـەنها شـایانی راڤـەكردنن، بێگومـان لەسنورە تایبـەتو پەیوەسـتدارەكەی بـەبونیانو فۆرمـاتیڤی زمانەكەیـدا، بـەبڕوای ڤیگۆزمـان بەرجەسـتەكەری گیـانی سەردەمەكان نییە بەتەنها بـەڵكو ئامرازێكیـشە بـۆ گـۆڕانی كۆمەڵایـەتی، سەبارەت بەمە ڤیگۆ لەیـەكێ لـە گوتـە ناودارەكانیـدا دەڵـێ: (سروشـتی زمـان، ئـەقڵی بەرهـەمهێناوە، نـەك زمـان، ئـەقڵی ئـەو كەسـانەی بەرهـەمهێنابێ كـە قـسەی لەسـەردەكەن) دواتـر لـەكارەكانی ڤیگـۆدا دەتـوانین پەیوەنـدی دیالـەكتیكی نێـوان زمـانو مەعریفـەو كۆمـەڵ جیابكەینەوە، هەروەها لەكاتی خسنەڕووی فەلسەفە خولەكییەكەیدا بـۆ مێـژووی تـەواو، ڤیگـۆ جـەخت لەسـەر بـوونی پەیوەنـدی نێـوان گەشـەی كەلتورییو گەشەی كۆمەڵایەتی دەكاتەوەو هەریەكـەیان وەك زەرورەتێك بەسـەر ئەوەكـەی تریانـدا دەردەكـەوێ، هاوكـات بونیـادو سـنورێك دەخولقێنێ كە دەكرێ لەچوارچێوەكەیدا كاربكـەن، بـەڵام ئـەم پرۆسـەیە پرۆسـەیەكی رەهـاو جـێگیر نییـە چـونكە خولانـەوەی بـەردەوامی مێـژوو واتای دووبارەبوونەوەی هـەمان پرۆسـە دەدەن، بەمـەش سـەرەتاییبوون لەكۆتاییـدا دەبێتـە شارسـتانیەتێكی ئـەقڵانی، ئـەم شارسـتانیەتە دواتـر

جاری رووخانی خۆی لەخۆدەگرێت، کە کارێکی حەتمییەو دەکرێ بیبەینەوە سەر (بەڕێوەبردنی مەدەنی Civil providence) بەقەد گەڕانەوەی بۆ شکستە تایبەتییەکانی مرۆڤ. ڤیگۆ پێی وایە کە کۆی مێژوو، مێژووی سەرکەوتن‌و کەوتنی شارستانیەتەکانەو بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی کەلتوریی‌و مێژوویی دەهێنێتەوە، بەڵام ئەو لەمەدا پەرە بەهیچکام لەبۆچونەکانی مێژوونوسە گریکی‌و ڕۆمانییەکان نادا لەگەڵ ئەوەی بیرۆکەی مێژوویی مرۆیی خۆی وەك پرۆسەیەکی خولەکی لەوانەوە وەرگرتبوو.

## هەنگاوێك بەرەو سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

لێرەوە دەکرێ ئاراستەی ڤیگۆ رووەو سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەکارە سەرەکییەکەی خۆیاندا (زانستی نوێ) بەدەرخەین، ئەوەی لەم کتێبەدا ڤیگۆ خستبوویەڕوو ئەوەبوو کە تێگەیشتنمان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پشت بەو بۆچون‌و هزرانە دەبەستێت کە بەکاریاندێنین هەروەها بەو زمانەیش کە بەکاریدەهێنین، ئەم ڕەگەزە (ئایدیالییان)یە پەیوەندیی بەتینیان هەیە بەبونیادی کۆمەڵایەتی لەسیاق‌و شوێنەکەیدا.

لەراستیدا بۆمان ناکرێ جیاوازی لەنێوان حیکمەتێکی شیعریی‌و میتۆلۆژیایەك‌و حیکمەتکی ئەقڵانی شارستانیەتێکی پێشکەوتوو، بەبێ ڕەنگرێژکردنی سیاقەکەیان لەدیدی خۆماندا بکەین.

لەواقیعدا ئەگەری جیاوازییەکی لۆژیکی خاوەن مەغزا بەدی‌ناکرێ بەڵکو بەتەنها ئەگەری ئەوە هەیە لەفۆرم‌و شێوەکانی حیکمەتەکە تێبگەین، ئەویش لەڕێگەی بۆچون‌و گریمانەکانمان بۆ ئازارە هەستپێکراوو فەرهەنگە تایبەتیەکانیان کە تیایاندا ڕەگەزی یەکلاکەرەوە هەیە.

لەم کاتانەدا ڤیگۆ بوو بەکەسێکی کاریگەرو خوێنراوە بەپلەیەکی ڕێژەیی فراوانتر لەماوەیەکی گرنگی تێبینی‌و ڕووانین بۆ هزری کۆمەڵایەتی بەگشتی‌و سۆسیۆلۆژیا بەتایبەتی، لەماوەی ساڵانی (١٨٢٠–١٨٥٠)، لەم کاتەدا کاریگەرییە سەرکییەکەی لەفەرەنسا وە بەدەرکەوت کە لەوێ واتە لەفەرەنسا بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکان بابەخیان بە راڤەکردنی (زانستی) و (پۆزەتیڤیزمی) کۆمەڵ دەدا. وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ سیستمی تاکگەرایی رادکالی‌و مەیلی ئەقڵانی

رەخنەیی بۆ رۆشنگەریی، هـزری فەرەنسیی و (ئەورووپی) بەشێوەیەكی گشتی گۆڕا بۆ دووركەوتنەوە لەتێزی گومانی دیكارتیزمو بەرەو ئاراستەی مەیلی رۆمانسیزم Ullramontanism، هەروەها رووەو مەفهومی ئەندامی كۆمەڵو ئەركو مافەكانی تاك چوو. لەم كاتە شۆڕشی فەرەنسیی و شوێنكەوتووە كۆمارییەكانی بەسروشتێكی كۆنزەرڤاتیڤانە ئەم گواستنەوەو گۆڕانە بە(قول) ناسراوەیان هاندەدا. بەنموونە نوسەرانێكی وەك (مایستر / Maistre)و (بۆنالد) و (مەدام دی ستایل destael Mame)و شاتۆبریان Chateaudrind) ترسێكی شۆڕشگێڕانەیان لەرەخنەی رۆشنگەریی بۆ ئاینو مەیلی رەهایی پادشایەتی دەبینیو وەڵامی ئەوان پرۆتێستۆكردنی ئەقڵ بوو، پاشان لەساڵانیدوای كۆتایی كۆماریی، ئەم نوسەرانەو هاوشێوەكانیان بایەخە رۆمانسییەكانی خۆیان بەلای رابردوودا شكاندەوە هەروەها بەهەستو سۆزیی خۆیان بۆچونەكانیان تاڕادەیەكی زۆر كۆنترۆڵكرا، ئەوان هەڵسان بەخستنەرووی تیۆرو بۆچونی میتافیزیكی بۆ جیهانو جەختیان لەسەر بوونی هێزێكی یكگرتوویی باوەڕە ئاینییەكان لەناو كۆمەڵدا كردەوە، لەكۆتاییدا هزری رۆمانسی چەند گرفتو پرسیارێكی خستە بەردەم مانا سەرلەبەرییەكەی مێژوو كە لەرێگەی بزاوتەكانیەوە پێشتر بەدەستیهێنابوو تیاشیدا بایەخدانە سەرەكیەكەی خۆی بەتەبیعەت ئاراستەی (كارەساتی) ساڵی ١٧٨٩ كردبوو، وەڵامی ئەم پرسیارانەش لەراستیدا دەكرا بەتەنها لەرێگەی ناوبژییەكی فەلسەفیانەوە لەگەڵ مێژوو وەڵام بدرێنەوە. ئا بەم شێوەیە مێژوو دەبێتە ئامرازێك كە دەكرێ بەهانەیەك بێ بۆ پشێویی و نالەباریی بارودۆخەكان. چونكە گەر كاتی ئێستا رەگو ریشەی رابردوو هەڵتەكێنێ چۆن دەكرێ لەم كاتەدا بەپێچەوانەوە بێت؟

### هەڵگەڕانەوەی رۆمانسیزم

هەمیشە مەیلی كۆنزەرڤاتیڤانەی رۆمانسیزم وەك دیدێكی هەڵگەڕاوەیی، بەدوای رەگوریشەی دابونەریتی ئێستا دەگەڕا لەقەسیدە شوانكارەیی و دێهاتییەكانی سەدەكانی ناوەراستدا ئەوكاتانەی هەموو چینێك لەچینو توێژەكانی كۆمەڵدا رۆڵو شوێنی خۆیان لەپەیوندی

لەگــەڵ یــەکتردا دەزانــی، ئەوکاتــە دەســەڵات لەســەرووی ئاســتی دیالەکتیکــەوە بەپۆشــاکی پــیرۆزی داپۆشــرابوو، بــەم شــێوەیە وەك ئاژاوەگێڕێـك بـۆ سـەقامگیربوونی کۆمـەڵ سـەیری رۆشـنگەریی دەکـرا، ئەمـەش لەبـەر رەخنـەکانی بـوو لەبیرکردنـەوە غەیبییـەکان کـە تـاوەکو ئێستایش پێداویـستییە رۆحییـەکانی مـرۆڤ پڕدەکاتـەوەو سەرچـاوەیەکی سـەقامگیرییە لەسیـستمە کۆنەکانـدا، بـەڵام فەیلەسـوفەکان لەرێگـەی تێکشکانی باوەڕی گشتی بیرکردنەوەی غەیبی هەلی بڵاوبوونەوەی مـەیلی کۆماریی ئازادییان رەخساند، بۆیە ئەوان خۆیان دەستپێشخەری شـۆڕش بـوون! لـەم سیاقەشـدا ڤیگـۆ بـوو بەکاریگـەرێك بەسـەر هەسـتە دژە رۆشـنگەرییەکان، بـەهۆی روانینـەکانی ئـەو بـۆ مێـژوو وەك خـولێکی دووبـارەوەبوو، هـەروەها بـەهۆی رێـڕەوە دژایەتیەکـەی بـۆ دیکـارتیزمو تیـۆرە ئەندامییەکەیـەوە ڤیگـۆ بـوو بـە (شـوانی) تیـۆری رۆمانـسیزمی فەرەنسی لەمێژوودا کە دەکاتە هەمان ئەرکو فەرمانی هیگل سەبارەت بە ئەلمانیا.

لەساڵی (١٨٣٠)وە ڤیگۆ بـوو پایـەی بـەرزبووەوەو بـوو بەبەشـێك لـە ئەرسەدۆکـسییەتی هزریــی – بــەپێی پرۆگرامــی خوێندنەکــەی لەلایــەن ڤیکتۆرو هێـردەر Herder، بـەڵام لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی بۆچـونو هـزری ســەرەکی ڤیگــۆ بەتایبــەت ئــەوەی کــە پەیوەنــدار بــوو بەیــەکێتی هــزرو (سیــستمی ئەنــدامی جیهــانی کۆمەڵــەکان) کــە جــۆلیس میــشیلیەی فەیلەســوفیش وەك تێهــەڵکێش لەگــەڵ فەلــسەفە مێژووییەکەیــدا خستبوویەڕوو، هێشتا رەگـەزە پڕبایەخەکـەی ئـەو لـە (زانستی نوێـدا) و پێـشکەوتنی دیالەکتیکیانـەی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی – بۆماوەیـەکی دوور وەلانرابو.

دەکـرێ لەسوچـێکدا لەوەبگـەین کـە دیالـەکتیك ململانێـی نێـوان گیروگازە کەلتورییەکانی سەردەمێکن لەگەڵ گیروگازە کۆمەڵایەتییـەکانی ســەردەمی دوای خــۆیو نێــوان دەســتە کۆمەڵایەتییــەکانی هــەر سەردەمێکدا.

لەراسـتیدا وەهـا ململانێیـەك لەگـەڵ دیـدی رۆمانـسیزمدا کـە داوای گونجانی (زۆرینەی) گەشەی مێژووی دەکرد یەکیان نەگرتەوە. لەبەرئەمە

دەبینین هەریەکە لەکۆنت Conte و سان سیمۆن Saint - Simon کە هەردووکیان لەبنەڕەتدا رۆمانسی بوون لەم سوچەدا لەگەڵ ڤیگۆ کۆنەبوونەوە. دواتر ڤیگۆ لەلای (پۆزەتیڤیزمی) زانستە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی زووی دوای شۆڕش، گەشە سەرەتاییەکەی ئەم زانستە لەرێگەی کەسانی وەك میشیلیەو کۆزان، بەڵام کاریگەری بەسەر بیرمەندە سۆسیالیستەکان بەتایبەت مارکس بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە کەم بو ماوەی سالآنی ١٨٤٣ تاوەکو ١٨٤٨ زیاتر لەهەر کاتێکی تر سەردەمی پێگەیشتنی شوێنو پایەی هزری ڤیگۆ بوو، ئەوکاتە مارکس لەفەرەنسادا دەژیا، لەگەڵ ئەمەشدا تەنها ئاماژەیەکی بچوکی مارکس بۆ ڤیگۆ لەپەراوێزی کتێبەکەی (سەرمایە)دا هاتووەو تیایدا دەڵێ: (جەوهەری جیاکردنەوەی نێوان مێژووی مرۆییو مێژووی سروشتی ئەمەیە — وەك ڤیگۆ دەڵێ — یەکەمیان دەستکردی مرۆڤە ئەوەیتریان نا. ئایا نوسینەوەی مێژووی تەکنەلۆژیای مرۆڤایەتی ئاسانتر نییە لەنووسینەوەی مێژووی تەکنۆلۆژیای سروشتدا؟

بەدۆزینەوەی مامەڵەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتو چالاکییە بەرهەمهێنەکانی کە دەبنەهۆی مانەوەی ژیانی خۆی، دەکرێ نهێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو چەمکە ئەقڵییەکانی لێیەوە بەرهەمدێن بدۆزینەوە).

ئەم ئاماژەیە لەگەڵ ئەوەی ئاماژەیەکی بچوکە، بەڵام مانای ئەوەمان پێدەبەخشێ کە مارکس هەستی پەیوەندی نێوان نوسینە میتۆدییەکانی ڤیگۆو لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا کردووە بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی ئەوکات، لەگەڵ رەگەزی ئابووری ژیانی کۆمەڵایەتی، مارکس لەگەڵ دەرچوونی وەرگێڕانە فەرەنسیەکە (زانستی نوێ)ی خوێندبووەوە کەلەلایەن شاژن بێلجواز (Princess Belgioioso) لەساڵی ١٨٤٤ وەرگێڕدرابوو. هەروەها دەکرێ گومانمان هەبێت لەوەی کە مارکس ناوبانگی گفتوگۆکانی زانیبوو لەچارەسەرییەکەی (بەرهەمهێنانی هۆشیاری) کتێبەکەی (ئایدیۆلۆژیای ئەلمانیا)و چارەسەریی ڤیگۆ بۆ هەمان بابەت لە (زانستی نوێدا) کە چارەسەرێ بوون وەك بەرهەمی کۆمەڵایەتی لەهزرەکان رادەما، بەوپێیەی لەبەدوایەکداهاتنی دیالەکتیکانەی سروشتی مرۆییو کەلتوریدا فۆرماتیڤێکە (مکونة)

لـەزمان. بۆیـە ئێمـە وایـدادەنێین کـە هـزری مـارکس لـە(بەرهـەمهێنانی هۆشیاری) لەخاڵی داهاتوودا وەك بۆچوونێکی نموونەیین.

بـارۆن دی لابرێـدی (مۆنتـسکیۆ) یـەکێ لـەو نوسـەرە دەگمەنـە رۆشنگەرییانەی کە هەستی بەبایـەخی ڤیگـۆو پێکهاتـەی سـەرجەم کـارە گرنگەکانی کـردووە. ڤیگـۆ لەسـەردەمی خۆیـدا بەپلەیـەك وەك پیـاوێکی یاسایی ناسرابوو، وەك لەوەی وەك فەیلەسوفێکی سیاسی ناسرابێت.

بێگومـان مۆنتـسکیۆ لەسـۆنگەی بایەخپێدانەکـەی خۆیـدا بـەتیۆری یاسایی بەرێکەوت (زانستی نوێ)ی دۆزییەوە. ئەوەتا بەکردار لەیەکچونی نیمـچەدیاردەیی لـەنێوان شـاکارەکەی خـۆی (رۆحـی یاسـاکان De Lesprit) ی سـاڵی ١٧٤٨ دەرچـوو و (زانـستی نـوێ)ی ڤیگـۆدا هەیـە، رەنگە ئەم لەیەکچوونانە لەبنەڕەتـدا پابەنـدبن بـەو چـەمکە گشتییانەی لەهەردوو کتێبەکەدا هـاتوون، هـەروەها بـەم مـەیلی رێژەییـە کـەلتورییو مەیلی مێژوویی وەك یەك جیاکردوونەتەوە.

## مۆنتسکیۆ.. ڤیگۆی فەرەنسا

پێـشەکیەکەی مۆنتـسکیۆ بـۆ سۆسـیۆلۆژیای مەعریفـە — لەهەنـدێ لایەندا — رۆڵی ئەو وەك (ڤیگۆی فەرەنـسا) بـەدەردەخات. ڤیگـۆیی بـوو لەو سوچەی کە — تاڕادەیەکی زۆر، دوور بوو لەهاوسـۆزی لەگـەڵ رەوتـی ئەقڵانیـــەتی رۆشـــنگەریی. بـــەڵام لەلایـــەنی کاریگـــەریی بەســـەر هاوسەردەمەکانیدا — تەواو — پێـچەوانە بـوو لەگـەڵ ڤیگـۆدا، لەبەرئەمـە جگە لە ڤـۆلتێرو رۆسـۆ هیـچکام لەفەیلەسـوفەکانی رۆشـنگەریی ناتوانـێ لافـی کاریگـەریی خـۆی لێبـدات، وەك ئـەو کاریگەرییـەی مۆنتـسکیۆ بەدەسـیهێنا، بێگومـان ئەمـە لەبنەڕەتـدا بـەهۆی کتێبەکـەی (رۆحـی یاسـاکان) بـوو، بـۆ زانـین لەگـەڵ کۆتاییهـاتنی سـەدەی هەژدەهەمـدا کارەکـــانی مۆنتـــسکیۆ لەلێکۆڵینـــەوە لەدەســـتورە سیاســـیو کۆمەڵایەتییـــەکانو بەســـتنەوەی بەســـیاقی کۆمەڵایەتییـــەوە، بـــوون بەعەقیدەیەکی دامەزراو لەزانستی (مۆراڵی) نوێدا.

سۆسیۆلۆژیا مەعریفییەکەی مۆنتسیکۆ بەکردار گەیشتە پلـەی تیـۆر، لەچـــۆنیەتی رەنگدانـــەوەی ژینگـــەی کۆمەڵایـــەتی کۆمـــەڵو بـــەها کۆمەڵایەتییـەکانی تاکـەکان. هـەروەها، چـۆن بـەها کۆمەڵایەتییـەکانی

کۆمەڵ دەبنە رەنگدانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی. لێرەوە ناونیشانی زۆرینەی بەرهەمەکانی لەئاستی (رۆحی یاساکان)دا لەناوەرۆكو پێکهاتەی تیۆریی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبوون بەشاکارو ناوبانگیان دەردەکرد.

ئەم کتێبەی بەردەوام ئاماژەیەك بوو بۆ بناغەیەکی شاراوە لەپاڵ یاسای مەدەنی (یاخود دەستوریی)دا.

مۆنتسکیۆ لەمەدا بایەخی دەدا بەشێوازی سیستمێکی پێوەریی گونجاو بۆ پێکهێنانی هەر سیاسییەكو، بەهۆی ئەم بۆچونە مۆنتسکیۆ دەگاتەئەوەی ئەم مانایە ببەخشێ، وەختێ دەڵێ، دەکرێ بونیادێك دیاریبکەین بۆ دەرکردنی یاساو بنەمای رەوشتو باوەڕی ئایینیو بۆچوونەکان، بەوپێیەی کە خاسیەتێکە بۆ بونیادێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا مۆنتسکیۆ وەك چارەسەرێکی تەواوی لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی مێژوویی هزری خۆی دەستپێنەکرد. ئەو لەبنەڕەتدا ئەقڵانیبوو بەشێوەیەکی ئاشکرا، هەروەك گومانـاوی بوو (ئەمە بەتەواوەتی لەکتێبە ناودارەکەیدا — نامە فارسییەکان — دا بەدەردەکەوێت).

بەتایبەتی لێرەوە دەستیکرد بەهێرشکردنەسەر عورفو فێرگە مۆرالییو دامەزراوە ئاینییەکانی سەردەمی خۆی.

هەرچەندە سەفەرو شارەزاییەکانی ئەو گەرەنتی کەمکردنەوەی مەیلە توندڕەو و دژەبنەماکانی ئەکلیریکی بوو، بەڵام دواجار دەسبەرداری ئەقڵانیەتە شاراوەکەی ناخی نەبوو، لەگەڵ ئەوەی ستارك W.Stark لەمەدا پێچەوانەیە لەگەڵ ئێمەدا.(١٢)

مۆنتسکیۆ لەکاتی نوسینی (رۆحی یاساکان)دا دەسبەرداری دیدێکی فراوانتری کۆمەڵ بوو، لەگەڵ ئەوەی بایەخە ئەقڵانییەکەی ئەو بۆ ئازادیو ئازادکردنی سیاسەت مایەوە، بەڵام ئاراستە هزرییەکەی بۆ مەیلی مێژووییو رێژەیی کەلتوریی خۆی لەو بایەخدانەی کەمکردەوە.

کاریگەریی ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێن (سۆسیۆلۆژیای مەعریفە) کە وەك فۆرماتیڤێکی تیوریی گرنگە لە (رۆحی یاساکاندا) بەپلەی یەك لەنیوەی یەکەمی ئەم کتێبەدا کەمدەبێتەوە، ئەوەی کە ریمۆن ئارۆن Rymond Aron (١٣) وەك پەیامێکی سۆسیۆلۆژیای سیاسی

پێشنیاری‌دەکات. مۆنتسکیۆ لەنیوەی دووەمی کتێبەکەدا تیۆرێکی ئیکۆلۆژی مامناوەندی بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، تیۆرێکە — لەهەندێ لایەندا — ئەو سنورانە دیاریدەکات کە ژینگەی ماتەریالی بونیادی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێ، ئەم تیۆرەی بەشێوەیەکی پێچەوانە لەگەڵ بەشی یەکەمی کتێبەکەدا دەردەکەوێت کە گوایە بنەڕەتی ماتەریالی بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆچونو بەهاو شێوازەکانی بیرکردنەوەو پێکهاتە کەلتورییەکانی تر سنوردار دەکات، کە لەرێگەی ژینگەی ئیکۆلۆژیاوە لەکۆمەڵ بەدەردەکەون. تەنانەت بەرەوپێشەوەچوونی هێزی لاهوتی لەرێگەی ئەو دامەزراوانەی ئەو پێشگیریی دەکەن، گەڕانەوەبوو بۆ فاکتەرە ژینگەییەکان لەبەشی دووهەمدا، لەوێدا کاریگەریی پرۆتستانتی لەسەر کاسۆلیکیەتی ئەوروپای باکور راڤەدەکرێ، بەگەڕانەوە بۆ کاریگەریی ئاووهەواو جوگرافیا لەسەر سروشتی مرۆیی، ئەمەش لەکاتی راڤەکردنی (رۆحی یاساکان)دا وەك گرفتێك بەدەردەکەوێت.

لەراستیدا سروشتە دژەکانی ناو ئەم کتێبە بێتێبینی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لێرەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، وەك ئەوەی کە هەردوو تیۆرەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی، پێوەرییو ئیکۆلۆژییەکەی ئاماژە بەفاکتەری مامناوەندی دەدەنو بایەخە رێژەییەکانیان لەو سیاقەدایە کە کاری تێدادەکەن، بەرای منیش ئەمە مەبەستی خودی مۆنتسکیۆیە.

### رەگەکانی سۆسیۆلۆژیای سیاسی

هەروەك لەسەرەوە روونمان کردەوە کە دەشێ بەشی یەکەمی (رۆحی یاساکان) ناوبنێین بەسۆسیۆلۆژیای سیاسی، چونکە ئەوەی مۆنتسکیۆ قسەی لەسەردەکات (پرەنسیپ)و (سروشتی) حکومەتە. هەروەها ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە دەکرێ ئێمە ناوی‌بنێین (مۆدێلی یەکەم Prototypical) بۆ بناغەی کۆمەڵایەتی ئایدۆلۆژیای سیاسیو کاریگەرییەکانی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیدا.

ئەگەر بێتوو لەهەر کۆمەڵێکدا هەر گرفتێکی سیستمی پێوەریی هەبوو، ئەوکاتە دەبێتە مەرجی سەرەکی بەردەوامێتی ژیانی مرۆیی

(بەپێی را گەشبینەکەی مۆنتسیکۆ بەرامبەر بەسروشتی مرۆیی تارادەیەك هاوشێوەی راکەی هۆبز) ئەو کۆمەڵە بەتەنها لەحاڵەتێکدا دەگەشێتەوەو یەکتر دەگرێ ئەگەر بێتوو هەر مرۆڤێك خۆنەویستانە کاربکات، یاخود لانیکەم ئەگەر بێتو بەیەکەوەو بەیەکگرتوویی لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی کاربکەن. مۆنتسکیۆ جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە تەنها شێوازێك هەیە بۆ کۆمەڵ، ئەویش ژیانی ئەقڵانیانەو خۆنەویستانەی خەڵکە لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتی، زیاتر لەوەی کاربکەن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان، ئەمە ئەم شێوازەیە کە ناوی دەنێت (کۆماری) کۆمارەکانیش دەکرێ یەکێ لەم دوو فۆرمە پێکبهێنن یان ئەوەتا کۆمارێکی دیموکراتی بێت یاخود ئەرستۆکراتی، کۆماری دیموکراتی فۆرمە هەرەشایستەکەیە کە نزیکە لەنموونە هەرەباڵاکەی یەکسانی سیاسی بۆ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ، هەروەها لەبەرامبەر ئەم دوو شێوازە نموونەییەدا، مۆنتسکیۆ هەڵدەستێ بەدانانی دوو شێوازی تری جیاوازو دژیەك بۆ کۆمەڵ، ئەوانیش (شانشینی)و (دەسەڵاتی رەها)یە، کە هەریەکێ لەمانە شێوەیەك لەگەندەڵی سیستمی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن‌و زۆرینە ملکەچ دەکەن لەپێناو کەمینەیەك، یاخود تاقەکەسێك، لەراستیدا هیچ ئازادییەکی راستەقینەی بۆ مرۆڤ تێدا نابینرێت، هەروەها بۆ هەرشێوازێك لەشێوازەکانی دەوڵەت (بنەما)و کۆمەڵێك هەموارکراوی ویژدانی هەیە کە دواجار دەبن بەو سیستمە پێوەرییەی حکومەت پێی هەڵدەستێت‌و لەدەستیدایەو وەك پێویستیەك بۆ دەوڵەت لەپێناو پاراستنی بەردەوامی سیستمی کۆمەڵایەتی.

سەرجەمی ئەم هەموارکردنە ویژدانیانە تەواو کارێکی گونجاو لەگەڵ هەموو شێوازێکی ناو دەستوورەکاندا بەرهەمدێنن، بەشێوەیەکی جەوهەری ئەرکەکە دەبێتە ئەرکێکی ئایدیۆلۆژیانە.

لەمەوە ئەم (پرەنسیپانە) سەرجەم بەهاو هەموو ئەوەی کە لەناو کۆمەڵدا بە (مەعریفە) ناسراوە دەگرێتەوە. ئەویش خەڵك ناچاردەکات بەرێگەی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکات، هەروەها ناچاریان دەکات دان بەهێزێك یاخود دەسەڵاتێکی دیاریکراو بنێ کە شەرعیە، لەگەڵ ئەمەشدا ئایدیۆلۆژیایەك دەدا بەخەڵك بۆئەوەی باوەڕی‌پێ‌بهێنن، بەم شێوەیە

دەكـرێ وەك (تیـۆرە جیهانییـەكان Weltan Schaungen) لــێیەوە بــــڕوانین وەك سیـــــستمی دانپیـــانراو لـــەو بۆچـــونانەی كۆمەڵـــە بەرهــەمهاتووەكانی لەیــەكترجیاكردەوە. دواتــر لــەنێو یــەكێ لــەو ســێ شــێوازەی مۆنــستكیۆدا ریزبەنــد بكــرێ. مەبەســت لــەمۆدێلی یەكــەم Typology ئەوەیە كە دەبێ هەر كۆمەڵێك لەئێستاو رابردوودا (دەكرێ كۆمەڵـەكانی ئاینـدەش بگرێتـەوە) بـەپێی ئـەم مۆدێلـە پـۆلێن بكـرێ، بۆئەوەی لەم سێ شێوازەی حكومەتەكان بگەین، سێ (پرەنسیپ) یاخود سیــستمی پێــوەری هەیــە: كۆمــاریی — كــە مۆنتــسكیۆ بەهەڵبــژاردەی شارستانی (الفضلیة المدنیة) ناوی‌دەباتو تیایدا دانان بەپێگەی ئازادی‌و یەكــسانی هــەرتاكێك لەتاكــەكانی كۆمــەڵی لــەخۆگرتووە، ســەبارەت بـە(شانـشینەكان) پرەنـسیپی (حكومـەت) (شـەرەف)ە كـە سیـستمێكی پێوەرییەو كار لەسەر ملكەچ بوونی تـاك دەكـات، تـاكو مـافی حـوكمڕانی بــەخۆی بـداتو لەســەر ئــەم بنەمایــە پیرۆزییــەك دەدا بەدەســەڵاتەكەی (مۆنتــسكیۆ پــێی وایــە لەســەر بنــەمای پێگــەو پلەوپایەیــە). بــەڵام (پرنــسیپی) ســێیەمو كۆتــایی كــە دەوڵــەتی زۆردار لەرێگــەی ترســەوە بەڕێوەی دەبات، مۆنتسكیۆ بۆ ئەمە پێی وایە ناكرێ سروشتی گەنـدەڵی فەرمانڕەوایی رەها قەبوڵبكرێ، تەنیا لەرێگەی ناچاركردنو ملكەچكردنی خەڵكی بۆ ئەم دەسەڵاتە زۆرداره نەبێ، لەم سیستمەدا هیچ كەسـێ بـۆی نابــێ (بــەهیچ مانایــەك) قــسە لەســەر سیــستمی مــۆرالی ئــەم شــێوە فەرمانڕەوایەتییــە بكــات. بۆئەمــەش مۆنتــسكیۆ دەڵــێ ناتوانــێ جگــە لەتوانایـەكی كـەمی ئـەمبریقی یـاخود لێكدانـەوەی هـیچ شـتێ بەدەسـت بهێنێ.

### پرۆژەیەكی كۆرپەلەیی بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

هەر (پرەنسیپێك) لەپرەنسیپەكانی حكومەتو مۆنتسكیۆ ناوی‌دێنێت بەندە بە (سروشت)ی حكومەتو دابەشكردنی كۆمەڵایەتیانەی دەسـەڵاتی سیاسـی، لەراسـتیدا بـەوبونیادە كۆمەڵایەتییـە، بەرجەسـتەكراوەی كـە دەسـتوری سیاسـی پێیـدا تێپـەڕدەبێت. لێـرەوە دەكـرێ بەشـێوەیەكی یاسایی سۆسـیۆلۆژیای مەعریفـە لەوێنـە كۆرپەلەییەكـەی بدۆزینـەوە. بـۆ دیاریكردنی پەیوەندی هۆكاری نێوان سیستمی كۆمەڵایەتی هـەر وڵاتێـك‌و دەستورە سیاسیەكەی.

مۆنتسکیۆ (پرەنسیپەکانی) تایبەت دەخاتەڕوو جا چ ئایدیۆلۆژیایی بن یاخود تیۆری جیهانی، خودی ئەم پرەنسیپانەو ڕەنگدانەوەیان بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵن، مۆنتسکیۆ خۆی جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوەو دەڵێ (لەسەر شێوەی شێوازە سیستمێکی گشتی هەردەوڵەتێکدا، ژیانی زانستی ئەم دەوڵەتە پێکدێتو پاشانیش ژیانە ئەقڵیەکەی.(١٤)

مۆنتسکیۆ پەرە بەتیۆرە سیاسیەکەی دەدات، بەڕێگایەك کە گومان لای خوێنەر دروستدەکات وەك ئەوەی کە بایەخە سەرەتاییەکانی ئەو لەسەر ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان بوو، لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکەی لەسەر فۆرماتیڤی (پرەنسیپەکان)ی حکومەت دەوەستێ لەسەر ڕۆڵی یاساو ترادیسیۆنەکانو ئایینـدا لەفەراهەمکردنی سیستمێك لەبەهاو باوەڕە سیاسیە شیاوەکاندا، دیسانەوە مۆنتسکیۆ لەڕێگەی ناساندنی ڕۆڵی گەورەو کاریگەرانەی وەها سیستمێك دەربارەی یاسا، ئاماژە بەئایدۆلۆژیاکان دەدات بەشێوەیەکی سەرەکی وەك کەیانێکی سەرکوتکەر هەروەها وەك ئامرازێکی پڕپایەخو کاریگەری لەئامرازەکانی دیسپلینی کۆمەڵایەتی مرۆ، بۆ کۆنترۆڵی نایاساییە سروشتییە تایبەتیو خۆویستو سەرکوتکەرەکەی.. چونکە ئەگەر لەشوێنی مۆدی ڕژێمی کۆمەڵایەتی هەڵبوەشێتەوە ئەوا لەوشوێنەدا ئایدیۆلۆژیایەکی یەکگرتوو میتۆدیانە پێشناکەوێت لەوێدا فەرمانڕەوایەکی ڕەهاو کۆیلایەتی (کە هەردووکیان مایەی بێزاری مۆنتسکیۆ بوون) دێتە وجود. بۆنموونە پادشایەتی — کاتێ کە بوونی هەیە — بایەخ بە گەشەی ئایدیۆلۆژیایەکی هەڵە (شەرەف) دەدات، خەڵکی وەکو یەك ملکەچی سیستمێکی دەسەڵات دەکاتو قەرزباریان دەکات، تاکو تاك کە ئازادی سیاسی لێسەنراوەتەوە گوێرایەڵی دەسەڵاتی ڕەهاو (پیرۆزی) بکات، بەڵام لەکۆماریدا — دەشێ — تەنها — دان بەیەکسانیە کۆمەڵایەتی بەتەنها ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی سروشتی مرۆڤایەتییە. لەمەشەوە یاساکانی کۆماری لەپایەی سیستمو مۆدی مەعریفەوە وەردەگیرێن: ئەم یاسایانە بەمرۆڤ دەڵێن چۆن هەڵسوکەوت بکات، بۆیە ئەوەی بۆی دیاریدەکرێت کارکردنە بەپێی مۆدو سیستمی سروشتی مرۆڤایەتی.

## ئایدیۆلۆژیای نامۆبوون و کاهینگەرایی

ئاساییە ئەگەر پێمان وابێ تیۆرەکەی مۆنتسکیۆ لەسەر ئایدیۆلۆژیا رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێ لەهەوڵەکانی خستنەڕووی زانستێك بۆ سیاسەتێ کە لەسەر هەندێ یاسای سۆسیۆلۆژی سادەدا وەستاوە — مۆنتسکیۆ — لەهەوڵەکەی گرتنەبەری پرۆژەی لەم شێوەیە، ئەوکاتە تەعبیری لەبیرمەندەکانی رۆشنگەریی دەکرد بەلێکۆڵینەوەی ئەمبریقی (الامبریقیة) زیاتر لەلێکۆڵینەوە میتافیزیکی دامەزراوە مرۆییەکان، ئەم بایەخدانەش بەروونی زانستی نەبوو — ئەوان باوەڕیان وابوو کە دەشێ خودی مەعریفە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بێنێتەئاراوە. بێگومان ئەم ئەقڵانیەتە رەخنەییە بوو بەچەمکێکی ناواخنی ئایدیۆلۆژیا بەتێگەیشتنی خۆی کە بۆچوون و هزری نائەقڵانی شێواون، هەروەها وەك مەعریفەیەکی دابڕاو و نامۆبوو لەئامانجە راستەقینەکەیدا، کە بەپلەی یەکەم.. مرۆڤە.

لەدواییدا، تیۆری ئایدیۆلۆژیا کەلەماوەی سەردەمی رۆشنگەریدا گەشەیکرد، تیۆرێك بوو رەخنەی لەنامۆبوونی ئەقڵی سروشتی مرۆڤ دەگرت، پێیوابوو سەرچاوە تەسلییەکەی ئەم نامۆبوونە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی باوەڕە خورافییەکان بوو دەربارەی ئایین، لەسەردەستی چینی کاهینگەرا باوەڕە نائەقڵانیەکان بەکاردەهات لەپێناو بەهانەهێنانەوە بۆ قازانجە تایبەتیەکانیو دەسەڵاتەکەیدا.

مۆنتسکیۆ ئەم چەمکە ناواخنەی ئایدیۆلۆژیای گەشەپێداو بڵاویکردەوەو نموونەیەکی ئەمبریقی لەسەر جێبەجێکرد، لەکۆتاییدا تیۆری ئایدیۆلۆژیا فراوان بو، (سۆسیۆلۆژیای مەعریفە)ش بەکردار لە (رۆحی یاساکان)دا خرایەڕوو. هەروەها بەگۆڕینی هزری رۆڵی ئایدیۆلۆژیانەی کاهینگەرایی بۆ چەمکێکی زیاتر بڵاوی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکانی مۆدە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان.. مۆنتسکیۆ هەنگاوێکی راستەقینەی بەرەو ئاراستەی مەعریفەی کۆمەڵایەتی نا.

### ڕێژەیی کەلتوریی . . پێگەیەکی نوێ بەدەست دێنێ

ڤیگۆ و مۆنتسکیۆ وەکویەك تا ئاستێکی دیاریکراو مەفتونی پرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانو کاریگەرییەکانی لەسەر بونیادی سیاسیو کۆمەڵایەتی وڵاتان بوون، ئەوان لەهەوڵەکانیاندا واتە لەلێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیەدا، دیدێکی فراوانتری مێژووییان گرتبووەبەر وەك لەوەی تاوەکو ئەمڕۆ مومکین بووبێ، بەڵام ئەوەی لەمەدا بەرهەمهات پلەیەك بوو لەمەیلی کەلتوریی، لەراستیدا مەیلە ئەقلانییە رەخنەییەکەی فەیلەسوفانی رۆشنگەریی بناغەیان بۆ داڕشتبوو، مەیلی رێژەیی کەلتوریی لەم شێوەیەیان هاندەدا، لەگەڵ ئەوەی لەنێو چوارچێوەی سنوری دیاریکراویدا مایەوە، ئەو سنورانەی تیایدا بەراوردکارییەکانی کەلتورە جیاجیاکانو رەخنەکانیان بۆ دامەزراوە هاوچەرخەکان تێدا دەکرا، کە لەزۆربەی کاتەکاندا پەیوەست بوون بە بابەتە (ئارکیۆلۆژیاکان)ی ئاماژەیان بەئازادیو ئەقڵ دەدا لەمێژووی گریکیو رۆمانی کلاسیکیدا، لەهەمانکاتدا ئەوان نمونەو مۆدێلی نوێیان لەرەخنەگرتنی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنا هزری رۆسۆ لەسەر (همجیة النبیلة) نموونەیەکەو خاوەن ناوبانگێکە. لەم کاتەدا قەناعەتەکە وابوو کە کۆمەڵی خۆرهەڵاتی شتێکی نییە شانازی پێوەبکرێت، تەنها بایەخە کەلتورییو شارستانیەتەکان فاکتەری بەهێز بوون لەگەشەی سۆسیۆلۆژیادا، لەوێدا خەڵك هاندەدرا بۆ بونیادنانی دیدێکی سەراپاگیر بۆ دامەزراوەو پرۆسیسە مرۆییەکان.

بەم پێیەش ئەم قەناعەتە هانی ئۆبژێکتیڤیەتی دەدا، لەکاتێکدا نغرۆبوونێکی زیاد لەپێویستی حەماسەتی ئەقلانی گەورەیی شارستانیەتەکانی بێگانە هەبوو، بەگشتی فەیلەسوفانی رۆشنگەریی زیرەکانە بەشێکی گەورەی راپۆرتەکانیان بەکاردەهێنا. (دەکرێ ئەوە بەبیربهێنینەوە کە تاکو سەدەی هەژدەهەمیش رۆژانە خاکی نوێ دەدۆزرایەوە، هەروەها سەفەرکردن لەئاستی نێودەوڵەتیدا کارێکی بڵاونەبوو، بەڵام بازاڕی کتێبە وێنەییە جوگرافییەکان — ئەتڵەسەکان — و کتێبی مێژوویی هەبوو کە بایەخی بەشێوازی گێڕانەوە دەدا بەپێی زنجیرەی کاتی رووداوەکان، بەهەمان شێوە راپۆرتو راگەیانراوی وەرگیراو لە کەلتورە جۆراوجۆرەکانیشدا) کەسێ نەیتتوانی هیچ یەکێ

لـــەم راپـــۆرتو راگەیەنراوانـــە زیرەکانـــەتر لەمۆنتـــسکیۆ بـــەکاربهێنێ، لەراستیدا کارەکانی کاریگـەرییان هـەبوو بەسـەر چـەمکە فەلـسەفیەکانی جیهـانی مرۆیـی، بـەهۆی جەختکردنـەکانی بـۆ جیـاوازیو پرۆسـیسو تراديسيۆنه رەنگاورەنگەکانی کۆمەڵە جۆراوجۆرەکـان، مۆنتـسکیۆ زیـاتر لەجاران (لەرێگەی بەکارهێنانی مۆدێله سەرەتییەکانەوە چوارچێوەیەکی میتۆدیانەو بابەتیانەی دانا، تـا کارەکـانی بـوون بەنموونـەو مۆدێلێـك بـۆ لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە مێژووییەکانو تیۆری سیاسـیو (سۆسـیۆلۆژیا) هەروەك کاریگەریەکی زۆریش هـەبوو بەسـەر رۆشـنگەریی ئوسـکۆتلەندی کەلەلایەن کەسانی وەك ئادەم فێرگسۆن Adam Ferguson [١٥] و دێڤید هیۆم David Hume [١٦] و ئـادەم سمیـث Adam Smith نوێنەرایـەتی دەکرا، کـە تیایانـدا بەرپرسـی گەشـەکردنە گەورەکـەی دواتـر کـە هـزری سۆسیۆلۆژیا هەبوو، بەتایبەت لەفەرەنسادا لـەماوەی سـیەکانی سـەدەی رابـردوودا ئەوکاتانـەی تیـۆری کۆمەڵایـەتی (ئوسـکوتلەندی) رەواجـی فیکریی خۆی هەبوو.

### ئەقڵ . . و دژەهێرشی رۆمانسی

رۆشـــنگەری وەك رۆشـــنایيەك ئـــەقڵی بڵاوکـــردەوە.. لەرێگـــەی بەیـەککردنی زانـست لەگـەڵ ئەقڵانیەتـدا لەچـاکترین نـەریتی نیوتنیـدا سۆسیۆلۆژیایەکی بەرهەمهێنا، هەروەها لەدەرەنجامی ئەمەدا فەلـسەفەی سیاسیو مۆرالی لەکۆتوبەنـدی لاهـوتو زانـستە خوداییەکانـەوە رزگـاری بوو و گۆڕا بۆ زانستی ئەمبریقی.

بەڵام دەبـێ ئـەوەش بڵـێین کـە رۆشـنگەریی لـەزۆرلاوە لەبـەدیهێنانی ئامانجەکانیـدا بـۆ کردنـی مـرۆڤ بەسـەنتەرێکی لێکۆڵینـەوەی زانـستی شکستی هێنا. (پرۆگرامەکـەی) کـە دەکرێ وەك بانگـەوازێك بـۆ شـۆڕش راڤەبکـەین. یەکدیگرتنـەوەی لەگـەڵ رووداوەکـانی (١٧٨٩ – ١٧٩٤) تـا دابـەزینی چـارەنوسو ناوزڕانـدنی بـەناوی سیـستمێکی کۆمەڵایـەتی. شۆڕشـی فەرەنـسا گـۆڕانێکی لـەمیتۆدی روانینـی جیهـانی کۆمەڵایـەتی بەرهەمهێنا، میتۆدێك بوو بەگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەنـداربوو بـۆ دروسـتکردنی سیـستمێکی تازەپێگەیـشتوو، بـەقوڵی سروشـتی ئـەو کێشانەی گۆڕی کە فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی خەریکی چارەسەرکردنی بوون.

وەڵامــی کرداریــی سیاســی یەکیگرتــەوە لەگــەڵ وەڵامــی کــردەی کۆمەڵایەتی دژ بە کۆمەڵی بۆرژوازی نوێدا.

لەسەرەتادا لەهەوڵی دامەزراندنی گرنگیدان بـوو بەچـەمکە ئەندامییـە نیمچە دەرەبەگایەتییەکانی کۆمـەڵ کـە پێچەوانەی ئەقڵانییـەتو مـەیلی تاکگەرایانەی رۆشنگەریی بـوو. بێگومـان لـەدەرەنجامی ئەمـەدا زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان دووچاری گرفت بوون.

لایەنی کۆنزەرڤـاتیف، ئـەوەی سۆسـیۆلۆژیا لـەدوای سـاڵی ١٨١٥ لـە (پـۆزەتیڤیزمی) کانـت بەرهـەمی هێنـابوو، روونیکـردەوەو بەشـێوەیەکی زیاتر گونجـاو نوێنەرایـەتی وەڵامـی کردارییـە زاڵەکـەی مـەیلی رەخنـەیی کۆمەڵایەتی (نێگەتیڤی) فەیلەسوفانی رۆشنگەری دەکرد.

لەوێوە بایەخدانە سۆسیۆلۆژییەکان لەهەموولایەکـەوە بـۆ فەلـسەفەی مـۆراڵیو سیاسـی گەڕایـەوە، لەشـەپۆلێکی مـەیلی رۆمانـسیانەدا کـە ئـەوروپای دوای جەنگـە شۆڕشـگێڕییەکانی گرتـەوەو چـەمکی ئەنـدامی کۆمــەڵی کــۆنترۆڵکرد بــەوەی کــە پێویــستی بەبیــستی کۆمەڵایــەتیو سەقامگیریی کۆمەڵایەتی هەیە، لەوەها بارودۆخێکیشدا. . ئایین جـارێکی تـر بـوو بەشـتێکی پۆزەتیڤانـەو بـاش، بەوپێیـەی کـە بناغـەی کۆمـەڵو سروشــتی بەشارســتانیبوونی مرۆڤــە. هــەروەها لــەدەرەنجامی ئەمــەدا بەگشتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیو فەلسەفەی مێژوو بەمەحکەمی بەنـدبوو بەلاهوت. بەهەمان ئایدیالیزمی فیختە Fichte و هیگل Hegel و شیلینگ Schelling بەدەرکەوت، ئـەوانیش لـەناڕەزایی ئـەخلاقی خزمـەتگوزاریی هــزری رۆشــنگەریدا، ئــەخلاقیاتی میتافیزیکیــان خــستەڕوو، ئــەم ئەخلاقیاتانــە لەگــەڵ ئــەوەی جیــاوازبوون لەگــەڵ داهێنانــە لاهووتییەکاندابەڵام ئامانجیان نیگاکانی مەعریفەو مۆراڵێتی بوو وەك یـەك لەدەست رێڕەوە تێکشکاوەکانی سـەدەی هەژدەهەمـدا. ئەمـەش تـەنها بەشـێوەیەکی جەوهـەری خزمـەتی بەرژەوەندییـەکانی ئـایینی کـرد، لـەم بارودۆخــەدا ســەرجەم زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان کـە لەلایـەن مۆدێلـە ســەرەتاییەکانەوە بەرهــەمهاتبوون، شــاردرانەوە، بەسۆســیۆلۆژیای مەعریفەشـەوە، دەتـوانین بڵـێین کـە بەتـەنها ئـابووری سیاسـی لـەنێوان زانـستە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەدەی هـەژدەدا بـەردەوام بـوو، هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پێگـە بەریتانیەکـەو سروشـتی چـەندێتییەکەی پێـوەریی، دواتـر (پـۆزەتیڤیزم) دەکـرێ بڵـێین پـۆزەتیڤیزمو رۆمانـسیزم

لەدژایەتیو پرۆتێستۆکانیدا بۆ مەیلی ئەقڵانی رەخنەییو هەوڵی نەهێشتنیدا پلانیان دادەنا، لەپێناو خنکاندنی گەشەی زانستە مرۆییە ئەمبریقیەکاندا پلانیان دادەڕشت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئالتەرناتیڤەی ئەوان دایاننابوو چەند وێنەیەکی شێواو و فێڵاویبوون لەبەرامبەر زانستە کۆمەڵایەتییەکانو سایکۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیادا. کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بۆینەکرێ رەخنەگری ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بێت، بێگومان بۆیشیناکرێ سۆسیۆلۆژیایەکی مەعریفی دابمەزرێنێ، کە تیۆریی ئایدیۆلۆژیی رەگەزە سەرەکیەکەی بوو.

## گەڕانەوە بۆ ئەقڵ

لەگەڵ ئەم هێرشە کۆنزەرڤاتیڤو رۆمانسیەدا بۆسەر ئەقڵ وەك بەرپەرچێكو بەپێچەوانەی ئەوەوە (زانستێکی) کۆمەڵایەتی لەشێوەو رەنگێکی رادیاکاڵیانەدا بەرهەمهات. بەملکەچبوونی لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییو سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی لاهوتییەتو دەوڵەت، مەیلی کۆنزەرڤاتیڤ بەرەو بایەخدانێکی نوێی ئایدیۆلۆژیاو پێشکەوتنی سۆسیۆلۆژیا چوو، لەسەر رەخنەی یەکبوونەوەی مافو بەرژەوەندییەکانی ئایینیو کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، ئەوکاتە بزوتنەوەیەکی هیگلییە لاوەکان مەیلی رەخنەییان بەرەوپێش برد بەرەو قۆناغی لێکدانەوەی زانستییانەی بونیادی کۆمەڵایەتی، لەرێگەی میتۆدی تیۆری ماتەریالیزمو دیالەکتیکی بۆ گۆڕینی کەشی کۆمەڵایەتیو مێژوویی، بەوپێیەی تاکە رەگەزێکی فەلسەفەی ئایدیالیزمی رادیکالیانە بوو.

لێرەوە ئێمە دەگەینە بڵاوکراوەیەکی گشتیو سەراپاگیر لەسەر بنەمای راستیو حەقیقەتدا، بەومانایەی کە پێشتر پێشکەوتنی راستەقینەی هزری سۆسیۆلۆژی لەئارادا نەبوو، هاوکات گەشەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەش لەئارادانەبوو تا دەرکەوتنی فاکتەری یاریدەدەر (مارکس) لەسەر شانۆکەدا کە لەگەڵ خۆیدا ئەقڵانیەتێکی رەخنەیی گەڕاندەوە بۆ هزری سۆسیۆلۆژی ئەوروپی.

رۆشنگەریی سەبارەت بەسۆسیۆلۆژیای مەعریفە جگە لە هەوڵی کەسێك[١٧]، بێئەنجام بوو، لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەرییەکەی تا سەردەمە خەمناکەکەی دوای خۆیشی مایەوە بەشێوەیەك کە چەمکێکی

سیستمی کۆمەڵایەتی شایانی راڤەکردنی خستەڕوو کە دەکرێ وەك سیستمێکی پراکتیکیانەی ببیینین. لەراستیدا ئەم چەمکە توانی لەبەرامبەر لەناوچووندا بوەستێو بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەهەوڵی دانی فۆرمێك بوو بۆ چوارچێوەیەکی شۆڕشگێڕی یاخود کۆنزەرڤاتیڤ، لێرەوە دەکرێ پێمان وابێ کە ئەوەی ئێستا پێی‌دەڵێن هزری سۆسیۆلۆژیا لەلایەن چەند (ئەستێرەیەکی کەم) لەفەیلەسوفانی رۆشنگەرییەوە هەڵگیرساو ئەم هزرە سۆسیۆلۆژیایە دواتر لەسەردەستی ئەواندا بوو بەفۆرماتیڤێکی شایستە.

## پەراوێزەکان:


1- Peter Gay – The Enlightment. Vol. 1. London 1966. P.3.
2- Lbid
3- CF. Gay. S disscussion of the recovery of nerve: in Gay, op. Cit, vol. 2. London 1920. PD. 3. 55.
4- Herbert Marcuse, Reason and Revolution. London. 1954.


٥- لەکتێبە گرنگەکەیدا (The Sociological Tradition, Rober Nisbet, 1967) لەبایەخی رۆشنگەریی‌و گەشەکردنەکانی لەبەرژەوەندی هزرە کۆنزەرڤاتیڤو رۆمانسی‌و ئەندامییەکان کەمدەکاتەوە کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بەدەرکەوتن. بەبێ‌ئەوەی بزانێ کە هەردووکیان هزرو (بەهاکان) لەرووی دیالێکتەوە بەیەکەوەبەندن، بەوەی کە بۆچونەکانی دوایی بەرپەرچدانەوە بوون ئەوکاتەی دانەرەکانیان پێیان وابوو شوێنەواری کۆمەڵایەتی هزرو بۆچونەکانی یەکەمە.

٦- (Scienza Nuva di Giambattista Vico. Naples. 1725) هەروەها تێبینی‌و لێکدانەوەکانی من لەو وەرگێڕانەی (Max Bergin و Thamas Fisch) پێی هەڵسابوون وەرگێڕاوە کە لەساڵی ١٩٦١ لەنیویۆرکدا دەرچووە.

٧- ئەم خاڵە بەروونی لەشاکارەکەی (H.P.Rickman) دا روونکراوەتەوە کە تیایدا بەراوردی نێوان میتۆدی فیگۆو دیلثی کراوەو لەمەش دوورتر دەڕواودەڵێ بایەخی نوێ بە فیگۆ بەقەد خۆی پەیوەستە بەدارِشتنەوە مەنهەجیەکەی دیلثی دەربارەی (تێگەیشتن)

لەچوارچێوەی فەلسەفەیەکی تێکئالاودا پێهەڵسابوو، لەکاتێکدا ئـەوە جگـە لەچـەند ئیحایـەك هـیچ شـتێکی تـری لەکتێبەکـەی (ڤیگـۆ)دا وەرنەگرتبوو. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

Vico and Delthey S.methodology of the human studies. In G.Ta. gliacozzo and H.V white (eds.) Giambattista Vico An international Symposium, Bahi more, 1969-pp. 447-56.

8- Bergin. And Fisch. Op. Cit.par.347.
9- Alain Pors, Vico and French thouhtin Ta. Gliaccozoo and white. Op. Cit. Pp.165-86. Eugene Kamenka.
10- Vico and Marxism in Ta.gliaccozoo and white op.cit.pp.137-43.
11- Karl Marx. Capital. London.1930.book 1. Part IV chapter 13 n 89.
12- Werner Stark. Montesquiew: Pioneer of the Sociology of Knowledge. London.1966.

تەواوی ئەم کتێبە تایبەتـە بـۆ ئـەو هەوڵـە نائومێدانـەی دەڵـێن مۆنتـسکیۆ رۆمانسی بووە (زیاتر لەوەی ئەقلانی بێ) بەر لە رۆڵی کاهینگەرایی لەسیستمی کۆنی فەرەنسادا، ئەم هەوڵە تەواو بێئاگابوو لـەو بنەڕەتـە ئەقلانییـەی کتێبـی (رۆحی یاساکان).

13- R.Aron. Main crrents in Sociological. Thought. London. 1968.
14- Montesquieu. De 1 Esprit des cois. Quoted by stark. Op.cit.p.58.
15- William C.Lehmann's. The Sociology of Adam Fergson. Chicago. 1930.
16- CF. A Treatis of Human Nature. Oxford 1988.

١٧- کانت.

**سەرچاوە:**

المنار – شهريه سياسيه فكريه، عدد (٢٤ – ٢٥) ديسمبر.